سەعدی ئەحمەد پیرە :

# ئەگەر وەزارەتێک بدەین بە یەکگرتوو ، ئەوە ڕێزمان گرتوون

**دیداری لوقمان شێروانی - هەولێر**

شوێنکەوتەی کورد لە پێکهاتەی حکومەتی نوێی عێراقی لەکوێ دەبێت؟ تا چەند لە پۆستە باڵاکاندا کورد پشکی شێری بەردەکەوێت؟ هاوپەیمانی کوردستان، هاوپەیمانی لەگەڵ کام لیستی عێراقی دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت؟ ئایا پێشبینی ناکرێت سیناریۆکانی حکومەتەکەی (جەعفەری) دووبارە بێتەوە؟ یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی تا چەند کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دەشواتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لڤین دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز(سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**لڤین: بەبڕوای ئێوە پێکهاتەی حکومەتی عێراقی چۆن دەبێت؟ ئایا دوای یەکگرتنی لیستی عەلاوی و تەوافوق و موتلەك پێشبینی دەکرێت مام جەلال لە پۆستی خۆی بمێنێتەوە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: زۆرێك لە وڵاتانی دەوروبەر ویستیان کورد تەحریس بکەن، کورد حکومەت و هێزی چەکداری هەیە، ئەعلانی حکومەتداری دەکات، کورد لە جیاتی ئەعلانی دەوڵەت بکات، چوو بۆ بەغداد لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دوو خاڵیان تەرحکرد (یەکەم) حکومەتێکی دیموکراسی فیدڕاڵی دروستبکرێت و کۆتایی بە نەهامەتییەکانی ڕابردوو بێنێت، (دووەم) حکومەتداریش بە شەراکەت بکەین. بۆیە نابێت ئەو پۆستانەی هەن، یەکێ بۆ سوننە و یەکێ بۆ شیعە و بەرەی تەوافق، ئەمانە هەمووی عەرەبن، دوو نەتەوەی ئەساسی لە عێراق هەیە کورد و عەرەب، لەوکاتەدا ئەکسەریەتی کام لیست زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا لە سێ پۆستە سیادییەکە، سەرۆکی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان کامیان دەوێت و پۆستی دووەم ئیختیاری ئێمەیە، نەتەوەی دووەمین و



نە لیستی ڕەش ناوەڕاستی جەهەنەمە و نەلیستی سپیش ناوەڕاستی بەهەشت

موناقەشەی تێدا نییە، جا سوننە یەك دەگرن یان نا، موشکیلەی ئێمە نییە. (مام جەلال) لە پۆستی خۆی دەمێنێتەوە و پۆستەکەی پارێزراوە.

**لڤین: گەر پۆستی سەرۆك کۆمار بە مام جەلال نەدرا هاوپەیمانی کوردستان چ هەڵوێستێکی دەبێت؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: بەشداری حکومەت ناکەین، ئێمە دوو نەتەوەین، نابێت کەس (ید علیاء والید السفلاء)بێت، چونکە باوی ئەوە نەماوە ئێمە بچین داوا لە (سدام حسەین) بکەین تا خێرمان پێبکات، ئێستا هەموومان خەڵکی ڕەسەن و زیانی لێکەوتووین و کەسیش بەقەد کورد زیانی لێنەکەوتووە. بۆیە حکومەت بە تەوافوق دەبێت و کەس بۆی نییە پۆست بە ئێمە بدات و کەسیش شایانی ئەوە نییە ئێمە پۆستی لێوەربگرین.

**لڤین: لیستی هاوپەیمانی کوردستان**

**لەگەڵ کام لیست هاوپەیمانی دەکات؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەرگای والآیە لەگەڵ کام لیست هاوپەیمانی دەکات، جگە لە لیستی (ساڵح موتلەك)، چونكە زمانی موشتەرەكمان نییە.

**لڤین: لیستی هاوپەیمانی بەکام پاڵێوراوی لیستی شیعە ڕازییە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: موناقەشەمان لەسەر شەخس نەکردووە، ئەوە ئیشی لیستی شیعەیە، بەڵام (ئیبراهیم جەعفەری) کەسێکی سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکانی ڕابردوویی و خزمەت بەکاری هاوبەشیمان ناکات، گەردووبارە ئەو دەستنیشان بکەن.

لڤین: کام لیست باشترە بۆئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ بکەن؟ سوننە یا شیعە؟

سەعدی ئەحمەد پیرە: حکومەتی پەرلەمانی، هاوپەیمانی بە تەمەن و خۆزگە نییە، کێ بەرژەوەندی زیاتری لێ بەدی بکرێت لەگەڵ ئەو لیستە هاوپەیمانی دەکرێت. ئەمە گەمەی دیموکراسییە، بۆیە شیعە و کورد خاڵی هاوبەشیان زۆرە قوربانی و خەسارەتی زۆریان داوە و ئەزیەت و ئەشکەنجەی زۆریان بینیوە و یەکتریان لە مەهەجەر و مەقاوەمە و زیندانەکانی ڕژێم ناسیوە.

لڤین: لە هاوپەیمانی ڕابردوو شیعە بە ئاشکرا کەم تەرخەم بوو لەسەر مەسەلەی کەرکووك؟

سەعدی ئەحمەد پیرە: چەند نەجەف و کەربەلا بۆ شیعە گرنگە، ئەوەندەش مەسەلەی کەرکووك بۆ ئێمە گرنگە و موناقەشەی لەسەر نییە، کەرکوك بەشێکە لە کوردستان و بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنی دووجارە کورد زۆرینە بەدەست دێنێت. دواخستنی مەسەلەی کەرکووك لە قازانجی کەس نییە.

**لڤین: یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە تاچەند کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەر دەکات؟ کە خۆت لە دیداری ڕۆژنامەیەك دەڵێیت"تائێستا لە هەولێر موزایەقە دەکرێت؟"**

سەعدی ئەحمەد پیرە: یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە داخوازێکی جەماوەرییە، لەم باسەدا جێگای سوپاس کردنی ئەو کەس و لایەنانەیە کە لە دەرەوە و ناوەوە پشتگیری لەم مەسەلەیە دەکەن جا کوردبێت یا بێگانە. ئەم یەکگرتنەوەییە جارێك نەزەرییە تا لە پەرلەمان سەرۆك و جێگری حکومەت تەکلیف دەکرێن. بۆ پێکهێنانی حکومەت پاشان وەزارەتەکان یەك دەخرێن بە شێوەیەکی تەوازوون، ئەم یەکگرتنە کلیلی چارەسەری زۆر مەسەلەیە چ لێرە، لە بەغداد و لەو ناوچانەی نەخراونەتە سەر کوردستان ئەوەی لە دوو ئیدارە سەرف دەکرێت ئێستا لە یەك ئیدارە سەرف دەکرێت ئەو فەرقە لە ناوچەکانی خانەقین و تازە ئازاد کراوەکان سەرف بکرێت.

**لڤین: سەبارەت بە ئالیەتی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان چۆن دەبێت؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: وەزارەتەکانی (داد و پێشمەرگە و ناوخۆ و دارایی) وەزیر و وەزیری هەرێمی دەبێت لە ماوەی یەك ساڵدا تەوحید دەکرێنەوە، چونکە یاساو ڕێنمایی جیاوازیان هەیە و ناکرێت ئێستا تەوحید بکرێن، یا بەکام یاسا کار بکەن، بۆیە لە ماوەی ئەم ساڵە پەرلەمان یاساو ڕێنماییەکان تەوحید دەکات، ئەم چوار وەزارەتە وەزیر ئەگەر لە یەکێتی بێت ئەوا وەزیری هەرێم سەرپەرشتی هەولێر دەکات، ئیتر وەزارەتەکانی تر بەشێوەی ئاسایی خۆی دەبێت، بەپێی پسپۆڕ و لێهاتووی وەزارەتەکە، وەزارەتی وا هەیە مەلایەکی دەوێت و وەزارەتی وا هەیە سیاسی و ڕۆشنبیرێکی دەوێت.

**لڤین: ئایا وەزارەتەکان ففتی بە ففتی دەبێت، یا میکانزمی دیتان هەیە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: ففتی بە ففتی چییە؟ حزب ئیشی چییە؟ بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن چەند کورسی بەدەستهێنا کەسێ خۆی دادەنێت، ئیتر ففتی بە ففتی چییە؟ حزب بۆئەوە نییە دەسەڵاتوەربگرێت؟ لە کوێی ئینگلتەراو ئەڵمانیا، کە دایکی دیموکراسین حزبێك هەیە بڵێت ئێمە کورسیمان ناوێت بیدات بە خەڵکی دی، بۆیە شتی وا لە ئەدەب و شیعر و خەیاڵدا هەیە لە ئەمری واقیع نییە، بێگومان حزب کەسی خۆی دادەنێت.

**لڤین: گریمان وەزارەتی پەروەردە دراوە بە یەکێتی، ئایا بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی ناوبراو هەمووی یەکێتی بێت؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: وەزیرەکە یەکێتی نییە، ڕاستە ئەندامی یەکێتییە، بەڵام وەك وەزیر مامەڵە دەکات. (ماران گەزتی لە کورسی ڕەش دەترسێت) ڕاستە ئێمە لە ساڵانی پێشوو وابیرمان دەکردەوە، بەڵام ئێستا ساڵی (٢٠٠٦)ە و قەرنی (٢١)ە دوای ئەو هەموو شەڕ و کاراساتانەی بەسەرمانهات تۆ بڵێی شتێکی لێفێرنەبووبین، ئێستا فەرقی هەیە.

**لڤین: تا ئێستا یەکێتی لە هەولێر و پارتی لە سلێمانی میوانی یەکرتن و ئەندامان و جەماوەریش هەست بەم میوانداریەی هەردوولا دەکات، ئایا لەم ڕێکەوتنەوە هەردوولا دەبنە خاوەن ماڵ؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: لە هەموو دامودەزگایەکدا، عونسووری ئیجابی و سلبی هەیە، ئەمە فەرقی هەیە لە شیعر و چیرۆك نوسین، بۆیە دەبێت حکومەت بە شەراکەت بێت و ئێمە قەرزاری میللەتی خۆمانین و دەبێت داواکارییکانیان بۆ جێبەجێ بکەین دوور لە نەهجی حیزبایەتی.

بەعزێ مەسئوولی بچووکی ئاخرزەمان هەیە لێرە و لە سلێمانی حەزدەکات بە



تەنیا خۆی حاکم بێت و بڕێت و بکوژێت و کەس نەڵێت ماڵت لە کوێیە. حەزدەکەم ئەوە بزانن لەمە بەدواوە ئەمە مومکین نابێت بۆ کەس، نووسینی ڕاپۆرتی دۆر و ملشکاندنی خەڵکی تێدا بێت و سەروەری ئیدارە و قانوون فەرقی هەیە لەگەڵ سەروەری ئاسایش، لەمە بەدواوە سەروەری قانوون دەبێت.

**لڤین: هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە مانگی چوار دەڵێن ناکرێت بۆ؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: تا ئێستا بڕیارمان نەداوە بکرێت، ئەگەر بە پێویستی نەزانین ناکرێت.

**لڤین: ئێوە و پارتی لە هەڵبژاردنەکان بەیەک لیست بەشداری دەکەن، ئایا ئەمە نەمانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و خنکاندنی دیموکراسی نییە؟**

سەعید ئەحمەد پیرە: بۆ خنکاندنە؟ لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو لیستی جیاواز هەبوو و خەڵکی تێدا نەخنکێندراون، ئەگەر ئیجاب بکات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووش بەیەک لیست دادەبەزین.

**لڤین: دەنگۆیەک هەیە تا ساڵی (٢٠١٥) لە هەموو هەڵبژاردنەکان لەگەڵ پارتی بەیەک لیست دادەبەزن؟**

سەعید ئەحمەد پیرە: دیارە تۆ لەمن باشتر دەزانی من ئەو دەقەم لا نییە، بەڵام بە تەئکید لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٧) بەیەک لیست دادەبەزین.

**لڤین: ئەی لە ئاست پارێزگاکان، هەر بەیەک لیس دادەبەزن؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: موناقەشەی پارێزگاکانمان نەکردووە.

**لڤین: بەشداری پێکردنی حزب و لایەنە سیسییەکان بۆ نەمانی ئۆپۆزسیۆنە یان بەڕەوا زانینی خەبات و شۆڕشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: ئێمە لە بەغداد باسی حکومەتی نیشتمانی و یەکێتی دەکەین، کەواتە دەبێت لە کوردستان زیاتر پابەندبین پێیەوە و مسداقیەتی حکومەتیشی تێدایە. بە گوێرەی قەبارە و گەورە و بچووکی حزبەکانن بەشدارییان پێدەکرێت، یا کەسایەتی شۆڕشگێڕ هەیە نابێت بەشداری نەبێت لە حکومەت وەك (قادر عەزیز و حەمەی حاجی مەحمود)، بە درێژایی تەمەنیان پێشمەرگە بوون، نابێت وەك حزبێك سەیر بکرێن کە دوای ڕاپەڕین دروستبوون لەکەش و هەوایەکی ئازادا و لە یەك ئاست بن.

لڤین: دەڵێن یەك وەزارەت بە یەکگرتووی ئیسلامی ئەدرێت ئایا پێتان وایە بەمە ڕازی دەبن؟

سەعدی ئەحمەد پیرە: بۆ ڕازی نابن یەکگرتوو بوعدێکی ناسۆنالیستی جیهانی هەیە وەك ئیخوان موسلمین و ڕێزگرتنە ئەگەر وەزارەتێکیان بدەینێ و بەشێکیشی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنی خۆیانە.

**لڤین: نەبوونی شەفافییەت لە داهات و خەرجییدا دەبینرێت سەرەڕای بوونی ئەو داهاتە زۆرەی لەبەردەستدایە، جەماوەر کەم سوودمەند بووە لەچاو بەرپرسەکان؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: موتلەقیەت سودمەندنەبوونی هاوڵاتیان ئەمە بێ ئینسافییە، شەفافییەت کەمە ڕاستە و درووستە، شەفافییەت لە کوێیەوە دەبێت، پەرلەمان بانگی وەزیرێك دەکات و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات سەبارەت بە خەرجکردنی پارە و ئیشەکانی وەزارەتەکەی، بەلاّم پەرلەمان هەوڵیداوە ئیدارە یەك بخاتەوە، ئەگەر لە پەرلەمانی ئێستا حکومەت سوێندی خوارد، ئەوکاتە پەرلەمان دەتوانێت ئەم کارە بکات، سەبارەت بەوەی هاوڵاتیان سودمەندنەبوون بێویژدانییە، جارێ ئەوە مەشروعی ئاوەدان کردنەوە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەبینرێت چەند زۆرە.

**لڤین: زۆرکات ئەو پرۆژانەی تۆ دەیڵێیت هی بەرپرسەانە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: جادەو قوتابخانە و پرۆژەکانی دی منداڵی مەسئوول و هی تۆشی بۆ دەچێت، یا مووچەی فەرمانبەران و پۆلیس ئەمانە بۆ هەموو خەڵکن.

**لڤین: دەڵێن مووچە لە داهاتی (١٧٪)ی کوردستان نییە؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: ئێوە بۆ خۆتان و خەڵکی بە هیلاك دەبن، هەمووی لە (١٧٪)ەکەیە.

**لڤین: لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٤/١/٣١) شارەکانی کوردستان کەوتنە نێو لیستی ڕەشەوە ئەم جارەش هەولێر دوور نییە بکەوێتە نێو لیستی ڕەشەوە، لەمە کی بەرپرسە؟ لیستی هاوپەیمانی یا جەماوەری هەولێر؟**

سەعدی ئەحمەد پیرە: زۆر حزب پێشبینی دەکرد، دەنگی زۆر بەدەست بێنێت، کاتێك دەنگ کەم دێنێت دەچێت شکات دەکات و ئەنواع فەرتەنە دەنێتەوە تا ڕێژەیەك مومکینە تەزویر هەبێت، قەیدی چییە، مومکین نییە تەزویر لە هەموو دنیا نەبێت، نەلیستی ڕەش ناوەندی جەهەنەمە و نەلیستی سپیش سەنتەری بەهەشتە.